حكومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئـەنـجـومـەنـی وەزیـران
وەزارەتـی نـاوخـۆ
پـارێـزگـای هـەولێر
ب .گرێبەستە گشتیەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مـجـلـس الـوزراء
وزارة الـداخـلـيـة
مـحـافـظـة أربيل
م . العقود العامة

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
MINISTRY OF INTERIOR/ERBILGOVERNORATE
DIRECTORATE OF GENERAL CONTRACTS

ژمارە : ٤٥٧                    / ٢٧٢ کوردی                    ١٣ / ١١ / ٢٠٢٤ زاینی

# ئـــاگـــاداری

## ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( 272 ) بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی ( دروستکردنی ڕێڕەوێکی نوێ بۆ پاراستنی کۆمەڵگای سێبیران لە مەترسی لافاو لە قەزای خەبات) کە (بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری پارێزگای هەولێر ) پێی ( Protection Channel) هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی ( چوار شەممە) ڕێکەوتی ١٧/١٢ / 2024 دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە کرێی بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

### مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر :

- کۆمپانیای لە پلە ( 2 - 5 ) کەمتر نەبێت و نوێ کراوە بێت .
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ کراوە بێت بۆ ساڵی 2024 .
- ماوەی پڕۆژە ( 180 ) ڕۆژی تقویمی .
- کاتی بەسەر چوونی تەندەر ( 90 ) ڕۆژە لە بەرواری کردنەوەی تەندەرەکە.
- سزای دوا کەوتن ( 500,000 ) پێنج سەد هەزار دینارە بۆ یەك ڕۆژ .
- بارمتەی سەرەتایی بەلێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەلێندەر بکرێت و لەگەڵ تەندەر پێشکەش بکرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای کات و ڕۆژی دیاریکراو لە سەرەوە .
- لە کاتی وەرگرتنی تەندەر کۆمپانیا یان بەڵێندەر دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان ( تخویل ) لەلایەن کۆمپانیا یان بەڵێندەر بێنێت .
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش کڕینی تەندەر بە سەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر .
- فرۆشتنی تەندەر ( 200,000 ) دوو سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (9) ی بەیانی تاکو (1) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

### تێبینی :

دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .
هەموو بەڵگە نامە داواکراوەکان لەکاتی پێشکەش کردن لەناو تەندەر دابنرێت .

ئومێد خۆشناو
پارێزگاری هەولێر

### وێنەیەك بۆ :

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ✓ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا .....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز جێگری پارێزگاری هەولێر بۆ کارو باری هونەری / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا ......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری پارێزگای هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری — بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ یەکیتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگاداریەکە .